# لیژنەی بااەی لەکۆبوونەوە لە هەرشەکانی سەر کوردستان ڕاسپاردەکانی خۆی ئاراستەی فەرماندەی گشتی دەکات

ئەمە دووشەممە، لیژنەی ئەمنی هاوبەش کە ئەرکی لەکۆبوونەوەی لە هەرشە درێژخایەکانی سەر هەرێمی کوردستانی پێسپێردراوە، بڕیاریدا ڕاسپاردەکانی پێشکەش بە سەرۆک وەزیران بکات.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەستی موتەبع کەوتووە ڕایگەیاند: "ئەمە دووشەممە، بە ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، محەمەد شیاع سودانی، لیژنەی ئەمنی هاوبەشی ئەرکی لەکۆبوونەوە لە هەرشە درێژخایەکانی سەر هەرێمی کوردستان، بە سەرکایەتی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی قاسم ئەعرەجی ، کۆبوونەوەیەکی بااەی ئەمنی لە هەولێر لەگەڵ حکومەتی هەرێم و دەزگا ئەمنییەکانی ئەنجامدا".

ئاماژەی بەوەشکرد، "لە میانی کۆبوونەوەکەدا پێداچوونەوەی گشتگیر بە ئەرکی لیژنەکە ئەنجامدرا، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ورد لەسەر سروشتی هەرشەکان و ئەو زانیارییانەی لەبەردەستی هەرێمدایە سەبارەت بەو هەرشانە. ئاماژەی بەوەشکرد "کۆبوونەوەکە ڕاسپاردەی لێژنەی ڕاسپێردراوی لەکۆتەوە کە ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بکرێت".

لە میانی دیدارەکەدا ئەعرەجی دووپاتی کردەوە "دووپاتکردنەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و فەرماندەی گشتی کە ئاسایشی هەرێم بەشێکی دانەبڕاوە لە ئاسایشی عێراق"، ڕوونیشیکردەوە "دەزگا

پەیوەندیدارەکان کاردەکەن بۆ شیکردنەوەی زانیارییەکانی پەیوەست بە هەڕشەکان، ئەمە جگە لە بەردەوامی هەماهەنگی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم لەو بارەوە".